www.kurdistannet.org
20-10-2006 10:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خۆزگەی دەوڵەمەندێک ... شەماڵ نەوڕۆڵی

خۆزگە من ئەم بوو چەند هەزار دۆلار
ئەبومە خاوەن دوكان و بازاڕ
خۆزگە من ئەم بوو دەشت و زەوی و زار
لە جێ ی دوو دۆنم، تەنها سی هێكتار
خۆزگە من ئەم بوو مەخزەن و عەمار
ئەبومە خاوەن موڵكی بێ شومار
خۆزگە من ئەم بوو خانوو لە ناوشار
لە جێ ی یەك خانوو، دوان و سیان و چوار
خۆزگە من ئەم بوو گەلابە و لۆری
لە جێ ی یەك ژنیش، دوانی وەك حۆری
خۆزگە من ئەم بوو شتی تازە و كۆن
لەم لا مۆسكۆفیچ، لەو لاش ئەڤەلۆن
خۆزگە من ئەم بوو تەنها دوو ئوتێل
ئەشبووم بە خاوەن ئاسیا و ساناتێل
هەر هی من بوایە كۆرەك تیلیكۆم
قازانجەكەشی تەنها هەر بۆخۆم
خۆزگە من هەر وا دەوڵەمەن ئە بووم
خاوەن دوو خانوی ناو لەندەن ئەبووم
ئامان چەند خۆشە باسی پارەی زۆر
وولات وێران بێ، یان پڕ شەڕ و شۆڕ
ژێر دەستە ئەبێ، یاخود سەربەخۆ
گشتی بە قوربان دۆلار و ئۆیرۆ
كوا باوی ماوە باسی تێكۆشان؟
ڕاستت پێ بێژم بۆتە سەر ئێشان
ئامان چەند خۆشە هەر دەوڵەمەن بی
خاوەن دۆلار و ئۆیرۆ و پاوەن بی
چاكی و پیاوەتی كوا باوی ماوە؟
دۆلاری نەبێ كەس ناڵێ پیاوە
خزم و كەس و كار بخەرە لاوە
هەر پارەت هە بێ كارت تەواوە
شیعر وشاعیران، هونەر و وێژە
هەر كەس باسی كا، بێ شك زۆر گێژە
مەژی بۆ ژیان، بمرە بۆپارە
خۆشی ئەم دنیا، بێ شك دۆلارە
دۆلارت نەبێ كوانێ زیندەگی؟
كە دۆلار نەبوو، هێڕ و دەبەنگی

Bonn - 2006